سەماحەتی حەکیم داوا دەکات مۆنۆمێنتێك بۆ شەهیدانی تاوانەکەی تەقیدنەوەکەی کەڕادە بکرێت

ammaralhakeem.com
ammaralhakeem.com

لەمیانەی دیداری کۆمەڵێك خانەوادەی شەهیدانی تەقینەوەکەی کەڕادە، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی گوتی " ئەو ڕووداوە کارەساتەکی دڵتەزێن بوو بەهەموو پێوەرێکەوە، ئەوە لەگەڵ تاوانەکانی دیکە لەوە جیاواز بوو کە کاتەکەی لە شەوەکانی کۆتایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بوو، هەروەها ژمارەی شەهیدان شەش سەد کەس بوون، جگە لە کوالیتی ئەو مادانەی لەو تاوانە بەکار هێنرابوون لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینەی شەهیدان لە گەنجەکان بوون، ئەوەش سکست بوو بۆ گەل و بۆ نیشتمانیش پێش ئەوەی شکست بێت بۆ خانەوادەی شەهیدان، ڕوونیشی کردەوە کە سەقامگیری ئێستا بەهەموو شێوەکانی ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەنجامی ئەو قوربانییانە بوو.

سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە کرادە بەهۆی ڕەهەندی مەزهەبی و بازرگانی و کاریگەرییە ئابوورییەکەی کراوەتە ئامانج و شانازی بەوە دەکات کە ناوی بنەماڵەی ئیمام حەکیم لەنێو بنەماڵەی شەهیدەکاندایە و تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەمڕۆ عێراق لەبەرچاوی ئەوانی ترەوە ستایش و ستایشی ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتووە.

بەڕێزیان جەختی لەوە کردەوە کە دۆکیۆمێنت کردنی قارەمانەتی و قوربانیدانی گەلی عێراق و بڵاوبوونەوەیان نەوە لەدوای نەوە و تێوەگلانی تیرۆر پێویستە بخرێتە مەنهەجی قوتابخانەکان تا بەو قارەمانەتی و قوربانیدان و ئەشکەنجە و گەڕانەوەی بەغدای پایتەختی خۆشەویست کە خاوەنی میراتی کلتوری و مێژوویی ڕوون بێت و بزانن کە شایانی هەموو بایەخدانە بەتایبەتی نۆژەنکردنەوەی بینا زانستییەکانی و هەروەها ئاوەدانکردنەوەی مەزارگەی چوار باڵیۆزی ئیمام الحجە (خودا پەلە لە گەڕانەوەی بکات) و داوای دروستکردنی بینا بۆ شەهیدانی کرادا و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و بایەخی سەرۆک وەزیران بەدۆسیەی شەهیدانی کرادا و قەرەبووکردنەوەیان و داوا دەکەین بەسەر نەهامەتی و برینەکاندا زاڵ ببن و برینەکان سارێژ بکرێن و بەرەو ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان ڕێگا بگرین.